# لەسەر خۆیی وپەلە نەکردن لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا

## التأني وعدم العجلة في حل المشاكل

< كوردي >

عەبدالملک ئەلقاسم

عبد الملك القاسم

وەرگێڕانی: پشتیوان سابیر عەزیز

ترجمة: بشتيوان صابر عەزيز

# لەسەر خۆیی وپەلە نەکردن لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا

زۆر جار کێشە و مەشاکیل روودەدات لە نێوان خێزان و ژن ومێرد وکەس و کاردا، بۆیە ئەگەر کێشە رویدا، ئەوە بەشی گەورە وهۆکاری یاریدەدەر بۆ چارەسەرکردنی بریتیە لە: بیر کردنەوە ولەسەر خۆیی وبریار نەدانی بە پەلە.

وە بریار بەدەستی خۆتە، ئەگەر ئەمرۆ رات هەبێت و لەسەر خۆ بیت ئەوە سبەینی فریات دەکەوێت، وە ئەگەر دوا بکەویت لە بریاردانداا ئەوە زیانت پێ ناگەیەنێت، چونکە ممکنە سبەینێ رای خۆت بگۆریت، بە تایبەت لەگەڵ هێمن بونەوە و لاچونی تورەبوون، وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم بە دایکی ئماندارانی فەرموو خوا لێی رازی بێت: {إِنَّ الرِّفْقَ لَا يَكُونُ فِي شَيْءٍ إِلَّا زَانَهُ، وَلَا يُنْزَعُ مِنْ شَيْءٍ إِلَّا شَانَهُ}رواه مسلم.

واتا: (بەڕاستی نەرم و نیانی لەهەر شتێکدا هەبێت جوانی دەکات، لەهەرشتێکیش هەڵبگیرێت ناشرینی دەکات).

وە توندوتیژی و تورەبوون کێشە وموشکیلە چارەسەر ناکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە کێشەکە زیاتر دەکات. وە تورەبوون زۆرجار ئاکامی خراپی لێبوەتەوەو کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبووە لەسەر ژیانی تاك وکۆمەڵگە. وە ئەگەر تەماشای بەندینخانەکان بکەیین دەبینین زۆربەی تاوانباران بە هۆی تورە بوونەوە توانیان ئەنجام داوە، وە ڕیژەی زۆر بوونی حاڵەتی تەڵاقدان هەر بە هۆی تورەبوونەوەیە.

خۆشبەختانە مرۆڤ هەمیشە ڕێگای هەبووە بۆ زاڵبوونی بەسەر کێشەو تەگەرەکانی ژیانیدا و دەربازببێت لەزۆربەی ئەوشتانەی کەدەبنە هۆی تێکدانی دەروونی.

بۆیە زۆر جوانە کاتێك مرۆڤ بیەوێت کێشە چارەسەر بکات کە پەلە نەکات و لەسەر خۆ و نەرم و نیان بێت.